# ئەوە بۆ کەس باسی هاشم زێیاری ناکا؟

حەمەسەعید حەسەن

(تاوان) ی هاشم زێیاری تەنیا ئەوە بوو، لەگەڵ هەندێ لە هاورێکانیدا بیری لە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری کردبووە. لەسەر ئەو تاوانە مەزنە کە ناپاکییە لە گەل و نیشتمان و ئاسایشی نەتەوەییمانی خستبووە ژێر مەترسییەکی راستەقینەوە، پدك ئەو ناپاکەی بە سزای رەوای خۆی گەیاند و فرێی دایە کونجی زیندانەوە. پارتی چونکە بادینانی قۆرخ کردووە، لێ ناگەرێ غەیری هەوادارنی خۆی، کەسی دیکە لەو دەڤەرەدا هەناسەیەك بدات.

هاشم زێیاری کە هەنووکە میوانی زیندانی دهۆکە، ئەندامی حیزبی شیوعی کوردستان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی (هاولاتی) یە.
جێی داخە ماوەیەکی درێژە هاولاتی هیچ داکۆکییەکی لێ ناکات و حیزبەکەشی هەر لە سەرەتاوە، زاتی نەکرد خۆی بکا بە خاوەنی.
لە کوردستان ئەوی راستییەکان بڵێ، دووچاری نانبڕین و زمانبڕین دەبێت، ئەگەر نا خۆ دەبوو لای کەم هاولاتی لە لاپەرەی یەکەمی هەموو ژمارەیەکیدا بە خەتی درشت نووسیبای: ئازادی بۆ هاشم زێیاری. هێشتا گەرووی وشکی دەڤەری ژێر دەسەلاتی پدك بە قومێك لە ئاوی دیموکراتی تەڕ نەبووە، ئەگەر نا خۆ دەبوو حیزبی شیوعی کوردستان سووکە داکۆکییەکی لەو ئەندامە لە سەر هیچ و خۆڕایی زیندانکراوەی کردبا. کە هاولاتی کرە، کە حشك ناوێرێ فزە بکات، دەبا ئیدی پدك شانازی بەو تەلاری دیموکراتییەوە نەکا کە لە کارتی قومار رۆی ناوە.

٢٠٠٢/٤/٦

©Kurdistan Net